# پەیامی نەورۆزی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە به بۆنەی نەورۆز و دەست پێکردنی سالی 1386 هەتاویەوه

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش، ژنانی یەکسانی خواز، بنەمالەی گیانبەخت کردووان، تێکۆشەرانی زیندانی، هاورێیانی کۆمەڵە!

جەژنی نەورۆز و سالی نوێتان لیٚ پیرۆز بێت. هیوادارین لە سالی تازە دا ژیانێکی بە ئاشتی و بە ئاسودەیی و پڕ لە شادی و سەرکەوتن چاوەرێتان بێت.

سالی نوێی 1386 هەتاوی لە هەل و مە رجیٚکدا دەستی پیٚ دەکەین کە رژیمی ئیسلامی سەرباری هەموو ئەو رەنج و مەینەتانەی کە نزیکەی 3 دەیەیە بە سەر خەڵکی ئەو ولاتەی داسەپاندووە، بە شەرئەنگێزی و بە پەرەپیٚ دانی بۆحرانێك کە هیچ پەیوەندییٚکی بە بەرژەوەندییەکانی ئێستا و داهاتووی خەڵکی ئێرانەوە نییە، ئەم ولاتەی هێناوەتە بەردەم کارەساتیٚکی دیکەوە.

دەولەتانی گەورەی سەرمایەداری جیهان و لە سەرووی هەموانەوە دەولەتی ئەمریکا ئامادەن لە پیٚناوی بەرژەوەندییەکانی سیاسی و ئابووری خۆیاندا خەڵکی ئەو ولاتە تا قولایی ئەو کارەساتە بەرن و هەر لە ئیستاوە پرۆژەی برسیتر کردنی خەڵکی ئیرانیان بە دەستەوەیە. بەرانبەر بە وەها کێشەیەکی نارەوا دا زەرەر و زیانی دەست لە سەر دەست دانان وچاوەروان دانیشتن هەر گیز جوبران نابێتەوە .

کۆمەلإنی خەڵکی ئیران دەتوانن و نابیٚت رێگا بدەن کە لە مابەینی بەرداشی ئەم دو بەرژەوەندییەدا ژیانی ئەمرۆ و چارەنووسی نەوەی داهاتوویان ببیٚتە قوربانی. پێشگرتن لە ئاکامەکانی پڕ لە مەترسی ئەو سیاسەتانەی کە هەردوو لایەنی ئەم کێشەیە گرتوویانەتە بەر، تەنیا لە توانای خەڵکێك دایە کە بریاری دابێت بەهرەمەندی لە ئازادی ولە ژیانی بە ئاشتی و بە ئاسودە و لە ئیمکاناتی پێشکەوتووی جیهانی ئەمرۆ، بە مافی زەوت کراوی بیٚ ئەم لاو و ئەولای خۆی بزانیٚ.

لە مانگەکانی کۆتایی ئەمسالدا گەلێك نمونەی هیوابەخشمان لە حەرەکەتی کرێکاری بۆ خۆ رێك خستن و تەداروکی خەباتێکی عادلانەی دژ بە دەولەتی سەرمایەدارانی چەوسێنەر ، لە شور و شەوقی خوێندکاران لە زانکۆکان دژ بە دەسەلاتی دیکتاتوری حاکم بە سەر ئیراندا، لە

ئیرادەی ژنانی ئازادە بۆ پاشەکشە کردن بە کۆنەپەرەستی و نایەکسانی زال بە سەر ژیانیاندا، لە یەکگرتووی و یەکدەنگی مۆعەلیمان بۆ داخوازییەکانی سەرەتایی و بەرحەقیان دا، دیت.

با لە درێژەی ئەو خەباتەدا سالی نویٚ بە وشیاری و رێکخراوی و بە یەك دەنگییێکی بەهێزترەوە بکەین بە سالی بەرەو پێش چوونی زۆرتر و سەرکەوتنی گەورە بە سەر دێوەزمەی کۆنەپەرەستی و چەوسانەوە و ستەمکاریدا.

چاوەروان دانیشتن و بیٚ دەنگ بوون بەرانبەر بە پیلانێك کە خەریکە شکل دەگرێت، شایستەی چینی کرێکارێك کە چەرخی ژیانی ئەو ولاتە لە سەر شانی ئەودا دەسورێت، شیاوی خەلکێکی تیٚکۆشەر کە تینوی ئازادییە و بارەها بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی دیکتاتۆری و بۆ ژیانی باشتر راپەریوە، نی یە.

خەلکی کوردوستان کە بەردەوام کۆلەکەیەکی بەهێزی خەبات و مۆقاومەت لە ئێران لە دژی رژیمی ئیسلامی بوون، پێویستە ئەرکی ئەم دەورەیەی خۆیان بە بیٚ گوێدان بە وادە و بەلێنی بیٚ ناوەرۆکی دۆستانی درۆیینە و بە پشت بەستن بە هێزی لە بن نەهاتووی خۆیان لیٚبراوانەتر لە هەمیشە بەرێوە بەرن.

کۆمەلە بە هەموو توانای خۆیەوە هەول دەدات بەم خەباتە گور و توانی زیاتر ببەخشیٚ و ئالای سیاسەتی: نا بۆ کۆماری ئیسلامی نا بۆ دەستێوەردانی ئەمپریالیستی و نا بۆ شەر ئەنگێزی هەموو لایێك، بەرز رابگرێت. ئاشکرایە کە ئەم رەوتە بە بیٚ تیٚکۆشانی بیٚ وچان و هەولی بیٚ پسانەوەمان بۆ رزگاری لە چنگ دەسەلاتی رژیمی ئیسلامی لە هەموو ئێران بەرەوپێش ناچێت.

با لە سەرەتای سالی نویٚ و جەژنی نەورۆزدا، بەلێنی مان بۆ خەباتی بیٚ رارایی و لیٚبراوانە لە پێناوی ئاواتی گیانبەخت کردووانی سەربەرزمان، لە پیٚناوی ژیانی بە ئاشتی و ئاسایش، ژیانی بە ریفاە و بە ئاسودەیی، ژیانی بە ئازادی و بە دور لە هەلاواردن و ستەم ، دوپات کەینەوە. ریٚ پیوان لەو رێگایە دا بەرەو ئاسۆی روون، زەمانەتی دوارۆژی رزگاری و سەرچاوەی ژیانی پرٚ لە هیوا و شادی هەر ئەورۆشمانە ، با هومومان پێکەوە، دەست لە ناودەستی یەك ئەو رێگەیە ببرین.

جارێکی تر جەژنی نەورۆۆ و سالی نویٚتان لیٚ پیرۆز بێت.

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە**

**نەورۆزی 1386 هەتاوی**